# " بەدەست من بێت ناهێڵم منداڵان لە باخچەکاندا یاری بکەن" *

**سلێمانی شارێکی بێ باخچەو یاریگا**

**سۆنیا سیروان**

بوونی باخچەو سەوزایی لەناوشاردا لەهەموو دنیادا وەك ڕوویەکی گەشاوەو شارستانی ئەو وڵاتە سەیردەکرێت زۆرترین گرنگی و بایەخی پێدەدرێت، ئەمە جگەلەوەی کە ئەم باخچەو باخانە وەك یاریگایەك بۆ منداڵان بەکاردێن‌و شوێنێکن کە منداڵان دوور لە قەرەباڵغی و بەسەربەستی یاری تیدادەکەن‌و دووریان دەخاتەوە لە ڕوداوی دڵتەزێنی سەرجادەکان، ئەمە جگەلەوەی تەنها شوێنە کە دایك و باوك تێیدا دەتوانن  چاودیری منداڵەکانیان بکەن، سەرچاوەی یاریکردنی تاییەت منداڵشیان بۆ دابین بکەن بەبێ.

کەچی لەلای ئێمە کەمترین بایەخ‌و گرنگی بەم بوارە دراوە، بۆ نموونە لەیەکێ لە کۆنترین باخچەکانی شاردا، کە باخی گشتی سلێمانییە ئەو چەند جۆلانەی کە بۆیارکردنی منداڵان دانراون تێکچوون و تائێستاش چاکرنەکراونەتەوە، زۆر لەو خەڵکانەی کەسەردانی ئەم باخچەیەدەکەن ئەمە وەك کێشەیەك دەبیننەوە، لەبەرئەوەی منداڵەکانیان هیچ یاریك نییە خۆیانی پێوەخەریك بکەن.

بەڕێوبەری باخی گشتی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا کەدوای تێکچونی ئەم جولانانە داوای کردووە لە لایەنی بەرپرس کەجولانەکان چاك بکەنەوە، بەڵام بە پاساوی "سەرقاڵی تائیستاش چاکنەکراوەتەوە"،ناوبراو لەمبارەوە وتیشی "سەرپەرشتیاری چاککردنەوەی ئەم جولانانە وتویەتی دەرفەتم نەبووە چاکیان بکەمەوە".

لەلایەکی ترەوە بەرێوبەری بەشی باخچەکانی سلێمانی ئاماژەی بەبوونی گرفتی دارایی کردوو وتی " گرفتی بودجەمان هەیە  ئەگەر بودجەیەکی باشمان هەبیت ،دەزانین دیزانی جوان بکەین بۆسەرجەم باخچەکانی شار ،تاشتێك بکەین بەدڵی منالاَن بێت".

لەبارەی شکاوی وکەمی جولانەکانی ناوباغی گشتیش ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەلەناو باخچەکانی شاری سلێمانیدا گرفتی یاری منالا نمان هەیەو باسی لەوەکرد کە حەق نییە لەناو ئەو باخچانادا یاری مندالان هەبێت،وتیشی" باخچەکان بۆپشودان دروست کراون نەك بۆیاری منالاَن ،بۆیەئەگەر بەقسەی من بێت یاری منالاَنی تێدا دانانێم"  هەروەها گلەیی لەهاولاَتیان کرد کەوەکوپێویست کەلوپەل و پێداوستیەکانی یاری کردن لەناوباخچە وپارکەکاندا ناپارێزن‌و دەیشکێنن،بەرێوەبەری باخچەکانی سلێمانی لەسەرقسەکانی بەردەوام دەبیت دەڵیت "ئیستا من ناتوانم لەشوێنیکی وەکو پارکی ئازادی کە (176) دۆنمە ئەگەر هەموپارچەیەك چەند چاودێروپاسەوان وباخەوانێکی بو دابنێم ئەوەپێویستیم بەچەند هەزارکەسێکەبۆپاراستنیان" ناوبراو لەقسەکانی بەردەوامەو دەڵێت"  پرۆژەی بلواری شار یەعنی (جەزر ئەسەدی )(22)کیلۆ مەترە ئەگەربێم من نوقتە بەنوقتەی بپاریزم ئەوەمن پێویستیم بەچەند کەسیکە بۆپاراستنی" هەروەها داوای لەهاوولاَتیانیش کرد کەهەندیك شت هەیە دەبێت خۆیان هاوکاری بکەن وبی پارێزن‌و لەمبارەشەوە بە ئالاَی ئازادی راگەیاند"  ئێمە ئیمکانیەتی ئەوەمان نییە" هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە بۆهەر مەتریك پاسەوانێك یان باخەوانێك دابین ناکریت‌و وتیشی"  شتی وا لەهیچ شوێنیکی دنیادانەبووە باخچەکە دروست ئەکریت دەبێت خەڵك خۆی لەئاستی ژیاری ئەوەدابێت کەبی پارێزێت و وا هەست بکەن بۆ ئەوان دروست کراوە بەلاَم بەداخەوە ئەوکێشانە بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە" .نموونەی ئەوەشی هێنایەوە کەباخچە هەیە لەگەڕەکی (خەبات) منداڵان یاری تێدا دەکەن و درەختەکانی دەشکێننەوە .

لەبەرامبەر نەهێشتنی یاری لەباخچەکاندا لەلایەن مندالانەوە، بەرپرسی بەشی باخچەکان پێشنیاری دروستکردنی یاریگەی شیاوی لەگەرەکەکان کرد بۆئەوەی منداڵانیش بتوانن یاری بکەن، بەڕێوبەری بەشی باخچەکانی سلێمانی دەربارەی پرسیارێکیش سەبارەت بەو پارچە نەویانەی بە بەتاڵی لەگەڕەکەکاندا ماونەتەوەو هەندێك جار دەبنە هۆی ئەوەی زبڵی تیا کۆبێتەوە ئەو شوێنانە باشترنییە بکرێت بە باخچە، وتی " ئێمە سەیری ئیمکانییەتی خۆمان دەکەین بەرنامەمان هەیە بۆ سەوزکردنی ئەو شوێنانەی کە زەوی شارەوانین یان مەتروکەن، هەوڵمانداوە بە پێی توانا هەرهەموو کەشفی زەویەکەمان گۆڕی لە ڕووی یاساییەوە پێیدەڵێن (تەغیرجنس) یان (تەغیر صنف) زەوی کەمان گۆڕی بە باخچە بەلام مەرج نییە ئەمساڵ دروست بکرێت" پێشی وایە ئەگەر بۆ دە ساڵی تریش دروست بکرێت قابیلی گۆڕان نییە هەر وەکو باخچە دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، بەپاساوی درووستکردنی باخچە خانووە تەجاوزەکانی گەرەکی ولوبەیان تێکدا، کەسەدەها خانووبوون‌و وتیشی"  هەموویمان ڕوخاندو خەریتەکەیمان گۆڕی‌و کردمانن بە باخچە"، پێشبینی ئەوەشی کرد گەر ئیمکانیەت هەبوو دەیکەن بە باخچە بەلام تا ئێستا نەکراوە، ئاماژەی بەوەدا کە بەرنامەی ئەم ساڵی ئەوان دروست کردنی (22) باخچەیەو وتیشی" لەم ڕۆژانەدا بڕیارە بودجەی

پێوستمان بۆ دابین بکەن ئەوکاتە بەرنامەی ئەم ساڵمان ئەوە دەبێت" وەپێشبینی ئەوەشی کرد کە بەرنامەی تریشیان هەبێت کە (49) داخوازی هاوڵاتیانیان بۆ هاتووەو وتی" جگەلەو (22) باخچەیەکە ئێستا بەدەستمانەوەیە درووستی بکەین، ئەو (49) داخوازییەی هاوڵاتیانی شاری سلێمانیش کە لەگەرەکە جیاجیاکانەوە بۆیان هاتووەو پێویستیان بە باخچە هەیە، " بەڵام ئەوە بەتایبەتی بەستراوەتەوە بە توانای داراییەوە، ئەوەمان خستۆتە بەرنامەوە چونکە شتەکان دەبێت قوتاغ بە قۆناغ بکرێت" بەڕێوەبەری باخی گشتی لەوەڵامی پرسیارێکیش کە ئایا بۆچی ئەو یاریانە لە باخچەکاندا دانانرێن‌و شوێنێکیان بۆ دابین ناکەن بۆ ئەوە جولانانەی کە لەرۆژانی جەژندا دادەنرێن بەمەبەستی پارە پەیداکردن لەکاتێکدا لەرووی سەلامەتی ئەو مندالانەوە هیچیان زەمانەتیان نییە؟.

ناوبراو دیسان گەڕاندیەوە بۆ گرفتی دارایی‌و وتی"خۆی هەموو شتەکان بەسراونەتەوە بە ماددەوە دووهەمینیش بۆ دروستکردنی یاری منداڵان ئەمە زیاتر پەیوەندی بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەوە هەیە" ئاماژەی بەوەشکرد کە "دەبێت ئەو یاریانە لەقوتا بخانەکاندا یان دایەنگەکان و ڕەوزەکان دابنرێن نەك لە باخچە گشتییەکان" ناوبراو باسی ئەوەشی کرد لەباخچەکانی تاران یاری ئاسن دادەنرێت "تاکو گەورەکانیش سوود لەو یاریانە وەرگرن‌و کاتێکی خۆش بەرنەسەر".

*لە ئاڵای ئازادی یەوە